KURDISTAN NET کوردستان نێت

# هەموو بنەماڵەی (شەیما) لە سلێمانین ودەڵێن:

# (شەیما) بە فێڵ و بیانوو رفێنراوە!!!

www.amroo.com

ئەمڕۆ

رۆژنامەیەکی
سیاسی .. رووناکبیریی
ئازادە
دەزگای (ئەمڕۆ) بۆ ئازادی
رادەربڕین دەریدەکا
ژمارە(٤٠)
١١ی(نیسان)ی٢٠٠٤

نرخی (٥٠٠) دینارە

AMRO A Free Cultural Political Newspaper Issued by (Amro) firm free Expressing No: 40

## تیرۆریستان هەڕەشە لە (ئەمڕۆ) دەکەن!

لە ڕێگەی ئیمێڵەوە هەڕەشەیەکی توند ئاڕاستەی (فریاد هیرانی) بەڕێوەبەری گشتی دەزگای (ئەمڕۆ) کراوە بە هۆی نوسینێکی کە لەسەر فتوای مەلاکانی هەولێر لە گۆشەکەیدا بڵاوی کردبووەوە،هاوکات لەگەڵ ئەو گرفتانەی کە بە ناهەق لەچەند لایەکەوە بۆ (ئەمڕۆ) دروستدەکرێن شەوی ٢٠٠٤/٤/١١ ئۆتۆمبێلێکی جۆری (مۆنیکا-ڕەنگی سپی) بە چوار چەکدارەوە چەند جارێك هاتوونەتە سەر ماڵی(فریاد هیرانی) لە شاری سلێمانی کە خۆی لە ماڵ نەبووەو تەنها پرسیاریان کردووە!!!

## بەبیانوونی بردنی بۆ لای بەڕێز (مام جەلال)،

## لە شاری بەغدا (شەیما) دەبەن و دوای (٣) ڕۆژ تەسلیمی سەنتەری ژنان دەکرێ!!

## زینە: (نەجلا) گووتی بەس ئێوە پەشیمان ببنەوە هەرچییەکتان دەوێ دەتاندەنێ

## ئەسما: ئیرشاد گووتی شەیما دەبەینە لای (مام جەلال)

## زەهرا: ئیرشاد گووتی رۆژنامەی (ئەمڕۆ) هەموویان گیراون و کۆمیتەش هیچی پێناکرێ!




ڕۆژی ٢٠٠٤/٤/٦ کاتژمێر(١١/٣٠) دەقیقەی نیوەڕۆ (٣) کەس دەچنە ماڵی خێزانی (شەیما) لە بەغدا و داوای لێدەکەن کە لەگەڵیان بچێ بەو بیانووەی کە دەیگەیەننە لای بەڕێز (مام جەلال بۆ چارەسەر کردنی کێشەکەیان ..(شەیما)ش سەرەتا نارازی بووە لەگەڵیان بچێ ،بەڵام پاش گفتوگۆیەکی زۆر قەناعەتی پێدەهێنن و لەگەڵ خۆیاندا سواری ئۆتۆمبێلێکی جۆری (بەڕازیلی )دەکەن و دەیبەن..جێی باسە ئەم (٣) کەسە بریتی بوون لە (١- سەمیر شاموراد ٢-نەجلای خێزانی سەمیر ٣- ئیرشاد عەبدوڵڵا لە ئاسایشی کەرکوك).

دوای بردنی (شەیما) لە ٢٠٠٤/٤/٦ ، ڕۆژی ٢٠٠٤/٤/٩ لە ڕێگەی چەند کەسێکەوە تەسلیم بە سەنتەری ژنان دەکرێ لە شاری سلێمانی . جێی سەرەنجە ئەو (٣) ڕۆژە (شەیما) لەلایەن بەرپرسانی دەربەندیخان (ئەوانەی کە کێشەیان لەگەڵی هەبوو) لە ماڵی (نەجلا) لەژێر گوشارێکی زۆردابووە بۆ ئەوەی وای لێبکەن لە قسەکانی پەشیمان بێتەوەو بە کامێرای ڤیدیۆش هەر لەژێر فشاردا قسەیان لێ وەرگرتووە، ئەم حەقیقەتەش تەواو بەسەرو سیمای (شەیما )ەوە دیار بوو کاتێ لەڕۆژی ٢٠٠٤/٤/١١ سەرنوسەری (ئەمڕۆ) لە سەنتەری ڕاگەیاندنی ژنان لە سلێمانی بینیبووی و بەگریانەوە هەموو ڕاستیەکانی لەبەردەم ئامادەبووان تەئکیدکردەوە!!.

هاوکات لەگەڵ ئەم ڕووداوەی وونکردنی (شەیما) بۆ ماوەی (٣) ڕۆژ، باوك و خوشکەکانی (شەیما) لە ڕۆژی ٢٠٠٤/٤/٨ لەشاری سلێمانی پەیوەندییان بە (ئەمڕۆ) کرد بۆ ئەوەی چارەنووسی کچەکەیان بزانن ، پاش زانیاری وەرگرتن لێیان سەبارەت بە چۆنیەتی بردنی (شەیما) ، (ئەمڕۆ) بانگەوازێکی بڵاوکردەوەو تیایدا ئاگاداری هەموو لایەکی کرد کە ناوبراو لەو ڕۆژەوە لەلایەن چەند کەسێکەوە براوەو نادیارە.

### خوێنەری بەڕێز:

زۆر بەداخەوە لێرەو لەوێ هەندێ دام و دەزگای حزبی و حکومی و ئیعلامی هەن دەیانەوێ بەزۆرو زۆردارەکی ڕووداوەکان ئاوەژوو بکەنەوەو خۆیان لە ڕاستی و واقیعی کێشەی ئەم خێزانەدا بە لاڕێدا ببەن، بۆ دەرخستنی چۆنیەتی ڕفاندن یان هێنای (شەیما) لە بەغداوە بۆ (دەربەندیخان) بۆ ماوەی (٣) ڕۆژ و پاشان تەسلیم کردنەوەی بە سەنتەری ڕاگەیاندنی ژنان لە سلێمانی..

فەرموون ئەمانەی خوارەوە لێدوانی خوشکەکانی خودی (شەیما)ن، کە خۆیان شاهیدعەیانن لە چۆنیەتی بردنی (شەیما) لەلایەن ئەم (٣) کەسەوە کە هەر سێکیان خەڵکی شارۆچکەی دەربەندیخانن بە تایبەتیش لە گەڕەکی (ئاوارەکان)ی ئەم شارۆچکەیەن:

**زەهرا**:ڕۆژی سێشەممە بوو (نەجلا و ئیرشاد و سەمیر )هاتن بۆ ماڵمان، یەکەمجار (نەجلا) لەگەڵ پیاوەکەی لە دەرەوە بوون نەهاتنە ژوورەوە تەنها (ئیرشاد) هات، لەو کاتەی کە هاتە ژوورەوەش من و (شەیما) خەوتبووین.. (حەیدەر)ی برا بچووکەکەمان هات ئێمەی هەڵساندو گووتی: ئیرشاد هاتووە، ئێمەش گووتمان خێرە بۆچی هاتووە..! هاتە لای ئێمە دانیشت و گووتی :ئەوانەی ڕۆژنامەی (ئەمڕۆ) هەموویان گیراون و ئێستا لە (سجن)ن حەیای ئێوەو حەیای ئەوانیش چووە. گووتی: جا ئێستا من هاتووم (شەیما) لەگەڵ خۆم ببەم و بیدەمە دەستی (مام جەلال) چونکە (کۆمیتەو ڕۆژنامە) هەمووی گاڵتەن .منیش پێمگووت :ئێمە کەسمان نایەین وحەیای خۆشمان نابەین ،کەچی ئەویش هەر تەئکیدی دەکردەوە کە دەیگەیەنێتە لای (مام جەلال) ئەوە بوو ئیرشاد هەر لەسەر ئەو قسەیەی خۆی سوور بوو.. دیاربوو قەناعەتی بە(شەیما) هێناو دواتر کە ڕۆیشتن (حەیدەر) هاتەوە ژوورەوەو گووتی :(نەجلا و سەمیر )یش لەناو سەیارەکەدابوون (بەرازیلی سپی)بوو، سایەقی سەیارەکەش من زۆر لە دەربەندیخان بینیومەو لە ئاسایشە، سەیاقەکەش بە (ئیرشاد)ی گووت: شەیما نەهێنی نارۆینەوە..! دواتر بە (شەیما)ی گووت :با بڕۆین و زوو دێینەوە....ئەوەبوو بردیان و نەیانهێنایەوە. ئەوە جاری دووەمیان بوو کە هاتن .

جاری یەکەمیش بەهەمان شێوە هەر ئەو سێ کەسە بوون و ئێمە هەر سێ کەسەکەمان بینی و هاتن دانیشتن و گوایە بە سەردان هاتوون ، (نەجلا)دەیگووت : وەرنەوە دەربەندیخان و واز لەو موشکیلەیە بێنن چەندیش پارەتان دەوێ (شوکور)و ئەوان دەتاندەنێ... (شەیما)ش پێیگووت : من وازناهێنم من شکاتم کردووەو هەقی خۆم وەردەگرمەوە، نە واز دەهێنم و نە پەشیمانیشم. ئەوەبوو جاری یەکەمیان هەموومان لە ماڵ بووین بەڵام جاری دووەم کە هاتن تەنها من و شەیما و حەیدەر بووین.

لەجاری یەکەمیشدا کە هاتبوون باوکم گووتی :ئەوانە بە فێڵ هاتوون چونکە ئێمە هیچ پەیوەندییەکمان بەوانەوە نییە

من بە ئیرشادم گووت :گەر مەبەستتانە کێشەکەمان لەلای بەڕێز (مام جەلال) بۆ چارەسەربکرێ ئەی بۆ باوکیشم نابەن؟

**زینە** : کە جاری یەکەم هاتن (ئیرشاد و نەجلا و سەمیر) بوون، نەجلا شەیمای بانگی ژوورەکەی تر کردو پێی گووت : شەیما باشترە پەشیمان ببیتەوە..
گووتی :بۆچی پەشیمان ببینەوە..لەسەر هەقی خۆشمان!
پێی گووت: ئاخر ئێوە ئیتر ناتوانن بێنەوە دەربەندیخان حەیای ئێوە چووە... وەرنەوە هیچ خەمتان نەبێ (شوکور) ئەنگوستیلەیەو لە دەستمدایە، ئێوە داوای هەرچییەك بکەن دەتاندەنێ بەس ئێوە پەشیمان ببنەوە،

**ئەسما** :بەڵێ منیش هەرسێکیانم بینی و هاتنە ماڵەوەمان.. ئیرشاد باسی ئەوەی کرد کە (شەیما دەباتە لای (مام جەلال).. نەجلا ش باسی شورتەو ئاسایشی دەکردو دەیگووت لە کەسیان ناترسێم هەرچی شورتەو ئاسایشە لە دەستی منن ، هەرچییەکیان پێبڵێم بۆم جێبەجێ دەکەن. ئینجا بە شەیمای دەگووت : تۆ تەنازول بۆ (شوکور) بکە من پارەت لە شوکورو لە قائمقام بۆ دەستێنم .

## زۆربەی ئەو کەسانەی ئیمزایان بۆ دەرکردنی (خێزانی شەیما) کردووە سەر بە ئاسایش و پۆلیسن

### وەزارەتی ناوخۆ لێکۆڵینەوەی لەگەڵ سەرنووسەری (ئەمڕۆ) کرد

## گەنجێکی دەربەندیخانیش ئامادەیە کچێکی ئەو خێزانە بخوازێ

تایبەت: دوای ئەوەی لەژمارەی ڕابردوودا هەواڵی پێکهێنانی دوو لیژنەمان لەسەر کێشەی (خێزانی شەیما)ی دەربەندیخان لەلایەن وەزارەتەکانی ناوخۆو مافی مرۆڤ / سلێمانی بڵاوکردەوە. ڕۆژی پێنجشەممە (١)ی نیسانی ٢٠٠٤ لیژنەکەی وەزارەتی ناوخۆ لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ سەرنووسەری (ئەمڕۆ) کردو تیایدا لەبارەی ئەم کێشەیەوە وەڵامی چەندین پرسیاری جیاجیای لیژنەی ناوبراوی دایەوەو بەپێی کارەکانی ئەو لیژنەیەش ئەمە دوا قۆناغی کارەکانیان بوو کەدواتر ڕاپۆرتی لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونی خۆیان بۆ وەزیری ناوخۆ بەرزدەکەنەوە.

ڕۆژنامەی ئەمڕۆ وەك لایەنێکی پەیوەندیدار بەشداری کۆبوونەوەی یەکەمی ئەم لیژنەیەی کرد کە لەسلێمانی ئەنجامدرا

لەلایەکی دیکەش (بێستون محەممەد وەلی) کەگەنجێکی خەڵکی شارۆچکەی دەربەندیخانە لەبابەتێکدا کەبۆ (ئەمڕۆ) ی ناردووە، تیایدا ڕاستی ئەو کێشەیەی خێزانی شەیما پشت ڕاست دەکاتەوەو هەمان کاتیش وەڵامی بەشێك لەوەڵامو لێدوانەکانی هەندێ لەبەرپرسانی دەربەندیخان دەداتەوە چ ئەوانەی لەژمارەی ڕابردووی (ئەمڕۆ)دا بڵاوکراونەوە، یاخود ئەوانەی لەبڵاوکراوەی تردا و لەدوای خستنەڕووی ئەم کێشەیە لەرۆژنامەی (ئەمڕۆ)دا بڵاو بوونەتەوە

لەلاپەڕە (٥) دا دەقی ئەو بابەتەو بەدواداچوونێکی (ئەمڕۆ) بۆلیستی ئەو ناوانە بخوێنەوە کەلەژمارەی ڕابردوودا بڵاوکرابوونەوەو لەلایەن بەڕێوەبەری ئاسایشی دەربەندیخانەوە وەك بەڵگەنامەیەك نێردرابوو زۆربەی ئەو کەسانەی ئیمزایان بۆ دەرکردنی ئەو خێزانە لەگەڕەکی (ئاوارەکان)ی دەربەندیخان کردووە سەر بەدەزگای ئاسایش و پۆلیسن و کەمترین ژمارەی ئەو ئیمزایانە خەڵکی مەدەنین، کەبەپێی بەڵگەنامەو قسەی هەندێ لەبەرپرسانی دەربەندیخان سەرجەمی ئەو کەسانەی ئیمزایان بۆ دەرکردنی ئەو خێزانە کردووە سەر پۆلیس و ئاسایش نین و مەدەنین

### لە نەخۆشخانەی منداڵبوونی سلێمانیدا..

## کچێکی کەڕو لاڵ سکی پڕەو .. منداڵێکیش لە چاوەڕوانی بڕیاری دادگاو مارەکردنی دایك و باوکی دایە ..؟!!

لە دیدارێکی تایبەت بە (ئەمڕۆ) بەڕێز (د.ژیان ئەحمەد عەلی) بەڕێوەبەری گشتی نەخۆشخانەی منداڵبوون لە سلێمانی هەواڵی ئەو منداڵەی پشتڕاست کردەوە کە ماوەی چەند مانگێکە بلێ ئەوەی هیچ کەسێك سەردانی بکات..تەنانەت لە نەخۆشخانەی ناوبراویشدا ناو لەو منداڵە نراوە..

لەلایەکی دیکەش هەر لەو دیدارەیدا(د.ژیان) باس لە کێشەو گرفتەکانی نەخۆشخانەو نەخۆشەکان دەکات و بە تایبەتیش ئەو کەسانەی کە ژنی دووهەمیان دەهێنن و منداڵیان دەبێ، پێیوایە باشترە لە دادگا ئەو ژنە مارە بکرێت نەك لەلای (مەلا)!

جگە لەمانەش هەر لەو دیدارەدا هەواڵی کچێکی کەڕولاڵ دەخوێنیتەوە کە لەلایەن کەسێکی نادیارەوە سکی پڕکراوەو ئێستا ئەویش هەر لەو نەخۆشخانەیەیە..بڕوانە لاپەڕە (٣)

لەم ژمارەیەدا:
وەڵامێك بۆ رۆژنامەی باسەرە
کێ کێ ئاشتدەکاتەوە؟!
چەند سەرەنجێ لەسەر لاپەڕە میوزییەکەی (ع.ح.سەگرمە)